# ((ئەرستۆ و دەوڵەتی دیموکراسی))

ئینتەرنێت
وەرگێڕانی: هاوڕێ ڕەشید



لەسەرچاوەی ئیسلامیدا بەئەرستۆ تالیس ناوی هاتووە،لەساڵی (٣٨٤-٣٢٢)پ.ز، ئەو فەیلەسوفی یۆنانی لەدایکبووی ئەستاگیرای مەکدۆنیایە فەلسەفەی ئەرستۆ لەفەلسەفەی ئەفلاتۆنەوە سەرچاوەی گرتووە، بەهەمان شێوە کە سەرچاوەی فەلسەفەی ئەفلاتۆن ڕێنماییەکانی سوقرات بوو، چونکە مامۆستای، ئەفلاتۆن و ئەفلاتۆنیش مامۆستای ئەرستۆ بوو، سوقرات، ئەفلاتۆن و ئەرستۆ سێ کەسن کە بە زاناترین خەڵکانی ڕۆژگاری دێرین دادەنرێن.

ئەرستۆ هێشتا زۆر گەنج بوو کەدەستیدایە خوێندنی حیکمەت و دانایی، باوکی پزیشکی دەرباری پاشای مەکدۆنیا ئامونتاسamyntas کە باوکی فلیپ و باپیری ئەسکەندەری گەورە بوو، ئەرستۆ زۆرجار سەردانی کۆشکی پاشای دەکرد و لەڕووەوە ڕاستەوخۆیە




سێ نەوە لەو دڕندانەی خوازیاربوون خۆیان بەسەر جیهانی شارستانیدا بسەپێنن لەنزیکەوە ئاشنابوو، ناوبراو لەهەمان ئەو منداڵیەوە ڕاهات کەچۆن لەناو زەرەو هوری ڕۆژگاردا ئارامی هزری خۆی بپارێزێت.

لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا سەردانی(ئاتەن)ی کردو لە ئاکادیمیای ئەفلاتون وەرگیرا.

قوتابیانی ئەکادیمیاکە لەبەرئەوەی کەناوبراو"پۆشاک و ڕەفتاری ولایەتی"هەبوو گاڵتەجاڕیان پێدەکرد، بەڵام ئەفلاتون کە بە بەهرەو هۆش و ئەندێشەی درەوشاوەی ئەو پەی بردبوو، دەیگوت ئەم ئەکادیمیایە لەدوو بەش پێکهاتووە جەستەو سەر، هەموو خوێندکارەکان جەستەکەن و ئەرستۆش مێشک و سەری ئەکادیمیاکەیە.

مامۆستاو قوتابیەکەی تەواو هۆگرو شیفتەی یەکتریبوون لەگەڵ ئەوەشا لەبواری فەلسەفەکانیاندا ناکۆکی و ململانێیان دەکرد، بەڵام وەك دیمان جیاوازی ئەو دووانە ناتەبایی هزرەکانیان نەبوو، بەڵکو لەبەکارهێنانی لەفزو زاراوەگەلێکدا بوو کەبۆ دەرخستنی هزریان بەکاردەهێنا.

دوای چەند ساڵێك ئەرستۆ بووە یەکێك لەمامۆستایانی ئەکادیمیاکە، بەڵام کاتێ لەساڵی٣٤٧پ.زدا ئەفلاتۆن چووە ئامێزی مەرگەوە ئیتر ئەو بەناچاری(ئاتەن)ی بەجێهێشت، فیلیپ هاوەڵی سەردەمی منداڵی ئەو بەکورسی پاشایی مەکدۆنیا گەیشتبوو دەیویست هەموو شارەکانی یۆنان ملکەچی خۆی بکات.

لەم ڕووەوە یۆنانیەکان بەگومانەوە دەیانڕوانیە ئەرستۆ کەدۆستی دوژمنەکانیان بوو.

ئەستاگیدا جێی لەدایکبوونی ئەرستۆ، لەشکرکێشی داگیرکەرانەی فیلیپدا وێران و تەخت بوو بوو، خۆشبەختانە یەکێك لەهاوپۆلانی ئەم فەیلەسوفە گەنجە کەناوی(هەرمیاس)بوو، فەرمانڕەوای یەکێك لەولایەتەکانی ئاسیای بوو، ئەو داوەتکرد تا بۆ وانەوتنەوە بچێتە ئەوێ، پاشاو فەیلەسوف بەشادی بەیەکگەیشتن.

هەرمیاس کچە خوێندکارەکەی خۆی بەگەڵێ پارەو سامانەوە وەك هاوسەرێك بەخشی بەئەرستۆ.

لەم دەمەدا فیلیپ پادشای مەکدۆنیا بانگهێشتی ئەویکرد بۆ فێرکردنی ئەسکەندەری کوڕی، ئەرستۆ ئەم داوایەی پەسەندکرد و لەو دەمەدا ئەسکەندەر تەمەنی١٣ساڵ و ئەرستۆ ٤٠ساڵ بوو، ئەرستۆ لەدەربارەی پاشادا واخۆی دەهاتە بەرچاو کەلەناو دارستانێکی پڕ دڕندەدایە، چەندینجار هەوڵیدا تاڕێگایەکی ئاقڵانەو میانڕەوانە بۆ دەربازبوون لەناو ئەو دارستانە بەقوتابیەکەی پیشانبدات، بەڵام سەرەنجامی هەوڵەکانی جگەر لەگاڵتەجاڕی زیاتر نەبوو.

کۆشکی پاشا گۆڕەپانێکی هەمیشەیی بوو بۆ کێشمەکێش و بگرەو بەردەی هەرزەکارانەو نیەتخراپی باوك بەرامبەر بەگیانی کوڕەکەی و بە مەبەستی کوڕ بەرامبەر بەگیانی باوك و لەهەمووش زیاتر تینویەتیەکی ناڕەوا بۆ ملکەچ پێکردنی جیهان، ئەرستۆ بەرەبەرە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کاری خوێندن و پەروەردەکردن

هەم دڵو هەروەهاش ڕاهێنانی مێشکە، بەڵام ئەسکەندەر کەسێ نەبوو بتوانێت ئەو ڕامبکات، چونکە فیلیپ مردو ئەو چووە جێگاکەی‌و خێرا ئەرستۆی کەنارگیرکردو کالیستنسی خوشکەزای ئەرستۆ لەبەرئەوەی کەئامادەنەبوو ئەو وەك خوایەك بپەرستێ لەسێدارەیداو ئەرستۆ هەرئەوەندەی لەدەستهات گیانی خۆی ڕزگار کرد.

دووبارە گەڕایەوە بۆ ئاتەن کە لەچاو ئەوێ ئارامتربوو لەئەنجامی وانەوتنەوە لەدەرباری دووپاشادا توانیبووی بڕێك پارە کەدەگەیشتە نزیکەی٤٠ملیۆن تۆمان، پاشەکەوت بکات‌و تەواوی ئەو بڕە پارەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی‌و فەلسەفی سەرفکرد لەو دەمەدا کەئەسکەندەر سەربازی بۆ جەنگ سازوئامادە دەکرد، ئەرستۆ خەریکی ئامادەکردن‌و سازکردنی سوپای ئاشتی‌و سەربازانی زانستبوو تابتوانن نمونە گەڵێ لەهەموو گیانداران‌و شیایی‌و گیاکان‌و هەروەها شتی بێگیان کۆبکەنەوە، بەپۆلێنکردن‌و ڕێکخستنی ئەوشتانە ئەنسکلوپێدیایەك لەزانیاری گشتی بێننەکایە.

باخێکی بۆ گیاناسی دەستەبەرکرد مۆزەخانەیەکی مێژووی سروشتی بونیادناو قوتابخانەیەکی بۆ فەلسەفە لەئاتەن دامەزراند، کاتی ئەرستۆ ئەو قوتابخانەیەی دامەزراند تەمەنی پەنجا ساڵ بوو لەم بارەوە زیاتر لەدەساڵ لەتەمەنی نەمابۆوە، لەگەل ئەوەشدا لەو ماوە کەمەدا نزیکی هەزار نامەو کتێبی داناو ئەوەش یەکێکە لەسەرکەوتنە مەزنەکانی هزری مرۆڤ، نامەو کتێبەکانی کەتەنها چەند دانەیەکیان ماوەتەوە نزیکی تەواوی لقەکانی زانینی مرۆڤ، وەك فەلسەفە، ئایین، زانست‌و هونەر دەگرێتەوە.

ئەو بەشانەی کەماونەتەوە لەئاسەوارە فراوانەکانی ناوبراو زیاتر بەکورتی دەکرێ بەراڤەکاری‌و ڕەخنەگرتن لەهزرەکانی ئەفلاتۆن لەقەڵەم بدرێت.

لەراستیدا هێشتا لەسەردەمی ئێمەشدا بەیەك فەیلەسوف یان فەیلەسوفی ئەفلاتۆنی یان فەیلەسوفی مشائی(واتە پەیڕەوی ئەرستۆ)دادەنرێ، هزری ئەرستۆ جیهانی تر بوو، لەهزری ئەفلاتون، ئەم مرۆڤە ئەستاگیراییە نەك تەنیا فەیلەسوف، بەڵکو داناو زاناش بوو لەنێوان سەرکەوتنە مەزنە زانستییەکانی ناوبراو داهێنانی لوژیك یان زانستی دروست بیرکردنەوە لەقاڵبێکدایە کەئەرستۆ ئەو قاڵبە بەپێوانەکردن دەژمێرێت، پێوانەکردنی برگە لەئیستدلالێکەوەیە کە لە دوو(پێشەکی)یان مەسەلە پێکدێت‌و لەو پێشەکیانە خۆبەخۆ دەرئەنجامێك دەستگیر ئەبێت، نمونە لەو دوو پێشەکیە"هەموو تاوانکاران مستەحەقی سزادانن"، "هۆشەنگ تاوانکارە"دەبێتە ئەنجامی ئەوەی کە: دوایی"هۆشەنگ مستەحەقی سزادانە"ئەمە بەچەشنێکی سادەو ساکار نمونەیەکە لەباسی پێوانەکردن‌و ئیستدلالاتی پێوانەیی کەلەباسە ئاڵۆزو پێچاوپێچەکانی لۆژیکە، بەڵام لەبەرئەوەی زانستی لۆژیك ئەمڕۆ لەدەرەوەی بازنەی فەلسەفەدایە، ئێمەش لێرەدا پتر لەمە سەبارەت بەوە قسەناکەین. لۆژیکی ئەرسۆ ئێستاش جێگەی ڕەزامەندیە، بەڵام ئیتر هزرە زانستییەکانی ئەو لەئەستێرەناسی، ژینگەناسی، زیندەوەرناسی، لەسروشتناسیەکان‌و مرۆڤناسی بەوەی کە بەدرێژیی سەدەکان جێگای ڕەزامەندی بوو، ئێستاش مەنسوخ بوونەتەوە، پێویستەلەیادنەکرێ‌کەئەرستۆ لەئەزمون‌و تاقیکردنەوە زانستییەکانی خۆیدا لەهەبوونی سۆنگەکان‌و دەرهاویشتە زانستییەکان بێبەش بووە و تەنیا تێڕوانین‌و بینینەکانی خۆی دڵنیایی‌و متمانەی کردووە لەگەل ئەوەشدا ئەم ڕوانینانە وردترین مێشك‌و هزری مرۆڤ بەئێمە نیشان دەدەن.

بەڵام گرنگتر لەلێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەرستۆ ڕێنماییە فەلسەفییەکانیەتی.

لەم بارەوە ئەو هێشتا دڵنیاترین ڕێنمایی ئێمەیە لەرازو نهێنیەکانی بوونی خواو واتای ژیانی بەختەوەردا، ئەرستۆ زۆرجار کەدەربارەی فەلسەفەکەی خۆی دەدوا، ڕوونی دەکردەوە"ئەفلاتون ئازیزی منە، بەڵام حەقیقەت ئازیزترە"، لەگەل ئەوەشدا ئەرستۆ هەمان ئەو حەقیقەتە دەبینێت کەئەفلاتون بینیویەتی، بەڵام لەگۆشەیەکی دیکەوە ئەو لەسێ لایەنی گرنگەوە، بۆچوونی جیاوازی هەیە لەگەل مامۆستاکەیدا، تیۆری نمونەکانی، ماهیەتی‌خوا، ئەرکەکانی مرۆڤ.

١-تیۆری نمونەکان، جیاوازی‌و پێکناکۆکی بیروبۆچوون لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفە لەم پرسەدا زیاتر ڕەنگی لەفزی‌و زمانی هەیە تا لایەنی لوژیکی، ئەرستۆ لەجێی وشەی(نمونەی)ئەفلاتۆنی لەفزی((شێوە))بەکار ئەهێنێت.

نمونەی ئەفلاتۆنی یەك نمونەو سەرمەشقی دەرەکییە کەئێمە پێویستە ملکەچی بین‌و پەیڕەویی لێبکەین، شێوەی ئەرستۆیی وزەو هێزێکی دەرونییە کەبەناچاری دەبێ بەدوای ئەودا بچین، بەم چەشنە لەفەلسەفەی ئەرستۆدا مرۆڤ شێوەیەکی تەواوی منداڵە،

منداڵ شێوەیەکی تەواوی کۆرپەلەیە(جنین)، کۆرپەلە شێوەیەکی تەواوی تۆوە.

بەهەمان پێوەر ئەرستۆو ئەفلاتۆن هەردوو لەیەك خاڵدا کۆك و تەبان.

ئێمە چ لەیەك پێوەردا یان ئەلگۆی دەرەکی و چ لەیەك شێوەو یان هێزی دەرونی پەیڕەوی بکەین، ئەو دوانە ئێمە بەرەو باشتربوون و کامڵتربوون لەوەی کەپێشتر لەسەری بووین ڕێنمایی ئەکات و ڕێنمایی باڵاو فراوانتری ئەم جیهانە کامڵترە(واتە دنیای نمونەیی ئەفلاتون یان دنیای شێوەگەلی ئەرستۆ)خوایە.


سوقرات

٢-ماهیەتی خوا:

خوای ئەفلاتۆن ڕێکخەرو دروستکەری ئەلگوی جیهانە، خوای ئەرستۆ بزوێنەری وێنەی جیهانە، خوای ئەرستۆ تیۆرێك بۆ پێشەوە ڕادەکێشێت کەلەفەلسەفەی ئەفلاتۆندا نییە، خوای ئەفلاتۆن چالاکە، خوای ئەرستۆ(منفعل)ە واتە کاریگەرە، ئەرستۆ دەبێژێت"بەوە کەخواوەند بزوێنەری هەموو جیهانە بەڵام خۆی بێجوڵەیە(ساکن)ئەو جیهان دەخاتە جووڵە بەهەمان شێوە کگەشێکی داواکراو، داواکەی خۆی دەخاتە جولەو بزوتنەوە، بەو چەشنەی کەژنێکی جوان هەموو چاوەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، بەهەمن شێوە خواوەند کەبزوێنەری بێجوڵەیە" بەهۆی عەشقێکەوە کەلەدڵی ئێمەدا هەیە بۆ ئەو، ئێمە دەخاتە جووڵە بەم شێوەیە لەڕوانگەی ئەفلاتۆنەوە خواوەند یەك ڕێنمایی بەخشی کەسی و دیاریکراوەو بەلای ئەرستۆیشەوە یەك بزوێنەری ناکەسی و نادیاریکراوە بەئاراستەی خێرو پاکیزەیی، دنیایەك کەهەموو شتێك لەناویدا لەکۆتایدا هاوئاهەنگە.

٣-ئەرکەکانی مرۆڤ:

لێرەشدا ئەگەر لەجیاوازییەکانی پەیوەست بەواتای لەفزەکانەوە گوزەر بکەین، دەبینین لەنێوان هزرەکانی ئەرستۆو ئەفلاتۆندا گەڵ خاڵی کۆکی و تەبایی هەیە.

ئەرستۆ ئەڵێت ئەفلاتۆن سەرو سنورو ئەرکەکانی مرۆڤ بەو چەشنەی کە لەکۆماردا تەواو خەیاڵیەکەی ئەودا دەبێ بەکارەوە ببەستێرنەوە، روون کردووەتەوە، بەڵام ئەو(واتە ئەرستۆ)ئەرکەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کەلەکۆبوونەوە ناتەواو خاکیەکاندا بەکارەوە دەبەسترێنەوە، دیاری دەکات.

"لەبەرئەوەی مرۆڤەکان فریشتە نین، بەڵکو ئاژەڵی درندەن و، کارو ئەرکی من ئەوەیە کەهەستم ئارامکردنەوەی خوو ڕەفتاری ئاژەڵیانەی ئەوان"،لەبەرامبەر ئەمەدا باشتر وایە ڕێنماییە ڕەوشتمەندییەکانی خۆ، کەمتر بەراورد بکەین لەگەڵ بەرکەماڵبوونی داواکراوو زیاتر بیانخەینە بەرکار.

لەجیهانی کاردا، ئەرستۆ ئەفلاتۆن هەردوو پێیانوایە کەئامانج و مەبەستی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەرکەسێك بریتیە لەبەختەوەری.

بەڵام خۆشبەختی یان بەختەوەری چییە؟ ئەرستۆ ئەوە لە یەك وشەدا کورت دەکاتەوە کە بریتیە لە ئەئۆدا یمۆنیا (Eudaimonia) واتە (خۆش ژیان لە ئەنجامدا چاك کارکردن) بەختەوەری شتێکی هەڵچوونی نییە، بەڵکو ئاکامی چالاکییە، لە خۆڕا بۆ ئێمە دەستەبەر نابێ، دەبێت بەدەستی بهێنن و ڕێگای بەدەستهێنانی ئەو لە سەرخۆیی و میانڕەویە کە ئەرستۆ ئەوە بە (هۆی زێرشین) دەردەبڕێ، یان ناوزەد دەکات.

بۆنمونە کاتێ کە مەترسیەك دێتە پێشەوە ئێمە بەسێ ڕێگا بەرەنگاری ئەبینەوە یان زێدەڕۆیی دەکەین بێباکانە بە پێشوازی ئەو مەترسیەوە دەچین، یان زێدەڕۆیی دەکەین و بەبێزارییەوە لە بەرامبەرییەوە گوزەر دەکەین، یان ئەوەتا لەسەر خۆو بە میانڕەوی و ئازایانە بەرەنگای ئەو مەترسیە دەبینەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا،

و: هاوڕێ ڕەشید



سوقرات

له هه‌موو حاڵه‌تێکدا ئه‌م سێ ڕێگا چاره‌یه هه‌یه، واته حاڵه‌تی زێده‌ڕۆیی و حاڵه‌تی زۆر زێده‌ڕۆیی و راده‌ی مامناوه‌ندی و میانڕه‌وی به‌م شێوه‌یه راستگۆیی راده‌ی ناوه‌ندیه له نێوان خراپه و به‌دگوتن، به‌خشنده‌یی راده‌ی مام ناوه‌ندیه له نێوان ئیسراف و به‌خیلیدا، خۆپاراستن راده‌ی مامناوه‌ندی نێوان خۆهه‌ڵکێشان و خۆ که‌مکردنه‌وه‌یه.

له‌به‌رامبه‌ری له بنه‌چه‌ی میانڕه‌وی، میانڕه‌ویش له ئه‌مین و ئه‌مانترین ڕێگاکانه، ئه‌مجا چۆن ده‌توانین راده‌ی مامناوه‌ندی یان ڕێگای میانڕه‌وی هه‌ڵبژێرین؟ به هۆی خوێندن و په‌روه‌رده‌ی گونجاو له باره‌وه، مرۆڤی چاك ئه‌و كه‌سه‌یه كه هه‌م كارو كرده‌وه‌ی چاك و هه‌م بیرو ئه‌ندێشه‌ی چاكی هه‌بێ. لێره‌شدا دووباره ئه‌رستۆو ئه‌فلاتۆن هاوبیرن و هه‌ردوو دووپاتی ده‌كه‌نه‌وه كه به‌دبه‌ختی ئاكامی خراپه‌كارییه‌و به‌دكاریش له نه‌زانینه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێ، به‌ڵام خۆشبه‌ختی ئه‌نجامی ره‌فتارو كاروكرده‌وه‌ی راست و دروسته‌و ره‌فتاری راستیش ده‌ستهات و به‌ری زانایییه له‌ده‌روازه‌یه‌دا هه‌م ئه‌رستۆو هه‌م ئه‌فلاتۆن قه‌رزاری سوقراتن، سوقرات ئه‌ڵێ، "خۆت بناسه" ئه‌وكات توانات ده‌بێت له‌گه‌ڵ جیهاندا خۆت بگونجێنی، ئه‌رستۆ دڵۆپه‌ی ئه‌خلاقی خۆی به‌هه‌مان زمانی دوو فه‌یله‌سوفی پێش خۆی ئه‌فلاتۆن و سوقرات ڕوونده‌كاته‌وه (به‌خته‌وه‌ری راسته‌قینه كه‌سێكه له سه‌رانسه‌ری ژیانی كامل و هاوئاهه‌نگی ته‌با له‌گه‌ڵ زانینی خۆی به چاكه‌خوازی كامڵ و هاوئاهه‌نگه‌وه هه‌ڵسوكه‌وت ده‌كات).

پیاوی‌ئایدیالی ئه‌رستۆ كه‌سێكه كه‌به تامه‌زرۆوه خۆی ته‌رخان ده‌كات بۆ دۆستایه‌تی ئه‌وانیتر، ئه‌رستۆ ده‌بێژێت "كاتێ ئێوه دوو كه‌سی دۆست ده‌بینن، گیانێك له دوو جه‌سته‌دا ده‌بینن" دوو به‌ده‌ن كه به ڕێكه‌وتنی و هاوئاهه‌نگی كامڵ له نێو جه‌سته‌ی یه‌كه‌ی مرۆڤایه‌تیدا، تێكه‌ڵبوون ئه‌رستۆ به‌ر له‌وه‌ی سه‌ربنێته‌وه والاترین نوسینی خۆی نووسی كه‌وه‌سیه‌تنامه‌یه‌ك بوو كه پێی ئه‌وه ئازادی به‌خشی به سه‌رجه‌م غولام و كویله‌كانی خۆی، به‌م شێوه‌یه له ئازادكردنی كویله‌كاندا دوو هه‌زار ساڵ پێش ئه‌براهام لینكلن كه‌وت و به‌بڕوای ئه‌رستۆ به‌ركه‌ماڵترینی ده‌وڵه‌تان، ده‌وڵه‌تانی دیموكراسی مرۆڤه ئازاده‌كانه.



سوقرات

---

سه‌رچاوه: هنری تۆماس بزرگان فه‌لسه‌فه

تهران ۱۳۷۹ مترجم فریدون بدراوی